کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-5-2007 14:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## برایەتی کورد و عەرەب زۆر بەهێزە تاریخ شاهێدە ... هەرمان خالد

برایەتی ئەو هەست و سۆزەیە کە دوو کەس یان زیاتر بەیەك دەبەستێتەوە، هەردوو لاش هەوڵ دەدەن زیاترین سوود بە یەکتر بگەیەنن. گەلی کوردیش بە هۆی مرۆڤ دۆستی و خانەدانی خۆی، هەر کەسێك بناسی دەیکاتە برا و خاوەنماڵی خۆی و پەیمانی برایەتی لەگەڵ دەبەستی (هەڵبەتە پەیمانێکی یەك لایەنە) . ئەگەر چاوێك بە مێژووی دوور و نزیکی کورد بخشێنین، ئەو برایەتیە بەهێزەی کورد دەبینین بە تایبەتی لەگەڵ (برای عەرەبی چاوڕەشم، تاڵ بوو بەشت تاڵ بوو بەشم) . نموونەی بەهێزیی ئەو برایەتیەی کورد لەگەڵ عەرەب گەلێك زۆرن، وەك:

- ئەو برا عەرەبەی دێتە کوردستان، گەورەترین ڕێزی لێدەگیری، لە بەرامبەردا لەتە براکەی تر دەچێتە بەغدا سەری دەبرن.
- برا کوردەکە دەیان تۆن داوودەرمان بۆ برا عەرەبەکەی دەنێری، ئەویش وەك سوپاسێك بارهەڵگرێکی پڕ لە تەقەمەنی و مەرگی بۆ دەنێری.
- برا کوردەکە (مشعان جبووری) بە پارەی برای کوردی خۆی دەوڵەمەند دەکا و دەیکاتە ناوێکی دیار، ئەویش زۆر بە ئاسانی دەڵی دژی گەڕانەوەی کەرکوکم بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
- برا عەرەبەکە گۆڕێکی بە کۆمەڵ بۆ برا کوردەکانی لە بیابان دروست دەکا، برا کوردەکەش باشترین و جوانترین خانووی خۆی دەبەخشێتە برا عەزیزەکەی.
- برا عەرەبەکە بە جلی سەربازی دەهاتە کوردستان و دار وبەرد و هەموومانی دەکوشت، برا کوردەکەش بە جلی سەربازی دەچێتە مەنجەنیقەکەی ئەوان و پارێزگاری لەو مناڵە دەکا کە لە داهاتوو لە شارێکی کوردستان خۆی دەتەقێنێتەوە.
- برا عەرەبەکە گوندەکانی کوردستانی وێران و خاپوور دەکرد، برا کوردەکەش ئێراقە کاول بووەکەیان ئاوەدان دەکاتەوە.
- برا عەرەبەکە کوردی خۆفرۆش و جاشی دەنا بە گژ کوردی دڵسۆز و شۆڕشگێر، بەمەش هەردوو لای لەناو دەبرد، برا کوردەکەش چونکە نمەك حەڵاڵە برا سوونە و شیعەکان یەکدەخاتەوە و یەکێتی نێشتمانی ئێراقی دروست دەکا.
- برا عەرەبەکە هەرچی لەشفرۆش و سۆزانی بەغدا هەیە دەینێرێتە کوردستان، برا کوردەکەش سەدان کەسایەتی سیاسی و سەرکردەی کورد دنێرێتە بەغدا.
- برا کوردەکە شەقامێکی شار بە ناوی (شەقامی برای سەرکردە موعەممەر قەززافی) و شەقامی (حکیم) دەکا، برا عەرەبەکەش ژوورێکی ئینفڕادی بەندیخانەی ئەبوغرێب بە ناوی برا کوردەکەی دەکا.
- برا عەرەبەکە ژیان لە 182 هەزار برای کورد دەسەنێتەوە، برا کوردەکەش ماتەم بار دەبی بە مردنی برا عەرەبە پیپەتیەکەی.
- برا کوردەکە لە وولاتی بەفر و جوانی دەچێتە حوشترستان و خۆی بۆ برا عەرەبە فەلەستینیەکەی بە کوشتن دەدا، برا عەرەبە فەلەستینیەکەش سووکایەتی بە شەڕەفی کورد (پێشمەرگە) دەکا.
- برا کوردەکە شانازی بە ئێراقی نوی دەکا، برا چاوڕەشەکەش بە کوردستان دەڵی (شیمال عێراق) .
- برا عەرەبەکە دەڵی نەوتی خۆم بۆ خۆم و نەوتی زاخۆ و کەرکوکیش دەخۆم، برا کوردەکەش کۆمپانیایەکی عەرەبی ئیماراتی دێنێتە کوردستان و بەشێك لە داهاتی بیرە نەوتەکانی دەداتی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
13-5-2007 14:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

- برا کوردەکە نەیدەوێرا تەنانەت لە دڵی خۆشیدا ناوی پێشمەرگە بێنی، برا عەرەبەکەش لە کەرکوکی کوردان بە ئاشکرا ڕێپێوان بۆ پشتگیری لە دیکتاتۆرەکەی عۆجە سازدەکا.

- برا عەرەبەکە ڕێگای نەدەدا برا کوردەکە ناوی کوردی لە مناڵەکەی بنی، برا کوردەکەش وەك وەفایەك، لە سەردەمی ئازادی ناوی عەرەبی لە منالەکەی دەنی.

- کە برا کوردەکە (پێشمەرگە) بریندار دەبوو، لە ترسی برا عەرەبەکەی دوور لە چاودێری دکتۆر چاوەڕی مەرگی دەکرد، هەر ئەو برا کوردە نەخۆشخانەکانی خۆی دەخاتە سەرپشت و دکتۆرەکانی دەست لەسەر سنگ ڕادەوەستێنی بۆ برا عەرەبە بریندارەکە.

- برا عەرەبەکە گۆڕی بۆ زمانی برا کوردەکە هەڵدەکەند، برا کوردەکەش لە هەموو فەرمانگەیەك تابلۆیەکی بە عەرەبی هەڵواسیوە.

- برا عەرەبەکە هێزە کوردیەکانی بە (مخرب) دادەنا، برا کوردەکەش هێزە عەرەبیەکان بە نیشتمان پەروەر دەزانی.

- برا عەرەبەکە پیلانی کیمیاباران کردنی کوردستان دادەنا، برا کوردەکەش دەیکاتە ڕاوێژکاری خۆی.

- برا عەرەبەکە سەرۆك جاشەکانی بە (مستشار) دادەنا، برا کوردەکەش مستشارەکان بە کەسایەتی دیار و ناسراوی گەلەکەمان دادەنی.

- برا کوردەکە کە دەچێتە عەرەبستان، پێشتر خۆی فێرە عەرەبی دەکا، برا عەرەبەکەش هیچ نرخێك بۆ زمانی برا کوردەکە دانانی.

- برا کوردەکە ناوێری بە جلو بەرگی کوردی بچێتە عەرەبستان، برا عەرەبەکەش بە دیشداشە و عەگالەوە لە بازارەکانی کوردستان دەسوڕێتەوە.

- برا عەرەبەکە ڕێگەی نەدەدا برا کوردەکە گوی لە گۆرانیەکانی شڤان پەروەر بگری، برا کوردەکەش لە کوردستان کۆنسێرت بۆ (قاسم سولتان) سازدەکا.

- برا کوردەکە دەیەوی بچێتە سەیرانگایەکی کوردستان، لەبەر برا حوشترەکان شوێن نیە دابنیشی و تووڕە دەبی، برا عەرەبەکەش پێی دەڵێ: (ئیحنا عیراقیین کولونا ئیخوان، عاشەل ئوخووە بەینەل عەرەبی وەل کورد، عاشە عیراقل موەحەد) .

ئەمانە و دەیان نموونەی تری زیندوو لەسەر برایەتی کورد و عەرەب کە ماوە نیە باسی هەموویان بکەین، لە کۆتایی دەڵێم (برایەتی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە، من و تۆی ناحەز با لە داخا سەری خۆمان داخەین و یەخەی خۆمان دادڕین) .

باشووری کوردستان_ هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.